Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-16

# ڕۆڵی ڕێکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لای قوتابییانی زانکۆ (توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە)

سەرکەوت ویسی کریم

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**ڕۆڵ، ڕێکلامی بازرگانی، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی، قوتابییانی زانکۆ**

**Corresponding Author**

Sarkawt.kareem@su.edu.krd

## پوختە:

بازاڕسازی ئەلیکترۆنیی وەک ئەرک و چالاکییەکی دامەزراوەکان فەلسەفە و ستراتیژێکی بازرگانییە لە هونەری فرۆشتن و شێوازی پێشکەشکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاری، کە سەرنجی بەکاربەر و کڕیار بە شێوازی هەمەجۆر ڕادەکێشێت ، لە ئێستادا کۆمپانیاکانی ڕێکلامی بازرگانی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە چالاکیی بازاڕسازی ئەنجامدەدەن، کە پانتاییەکی گرنگی لە ژیانی تاك و گەلاندا داگیرکردووە. لەم سەردەمی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیادا بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانی قوتابییانی زانکۆ داناوە، ئەم کاریگەرییانە دەکرێت هەم باش و هەم نەرێنی و خراپ بن. پەیدابوونی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لە دەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کردووەتە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لە پەخشکردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی. ئامانج لەم توێژینەوە زانینی پەیوەندیی نێوان ڕێکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بازاڕسازیی ئەلیکترۆنییە. دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ڕێکلامی بازرگانییە لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی و زانینی ئاستی ڕێکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر. سامپڵی توێژینەوەکە بریتین لە قوتابییانی کۆلێژەکانی ئاداب، زانست، پەروەردەی وەرزش و یاسا. دابەشکردنی(300)فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوەی هەڕەمەکیی چینی بووە، هەروەها لەم توێژینەوەدا کەرەستەی ئاماری، کە بە سیستەمی "SPSS "ناسراوە، بەکارهاتووە. ڕێبازی توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە، لە لایەنە پراکتیکییەکەیدا ڕێبازی ڕووپێوی بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی ورد و پێویست و گەیشتن بە کۆمەڵێك ئەنجام بەکارهێنراوە، ئەوەش بە مەبەستی زانینی ڕۆڵی ڕێکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لای قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.

## پێشەکی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە گشت بوارەکانی ژیاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرەوپێشچوون و گۆڕاندایە، بێگومان یەکێک لەو بەرەوپێشچوون و گۆڕانانە گەشەی تەکنەلۆجیایە، کە کاریگەری کردووەتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان. ڕیکلامی بازرگانی یەکێکە لەو خزمەتگوزارییانەی، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕانکاری و نوێکاریدایە، تا بتوانێت بە باشترین و ئاسانترین شێواز دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی بکات، هەربۆیە ڕیکلامی بازرگانی توانیویەتی لە میدیای تەقلیدی بچێتە ناو میدیای نوێ و ئامرازە سەردەمییەکان بە تایبەتی ئینتەرنێت. بواری بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیادا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە کۆمپانیاکان بۆ ڕیکلامکردن بکەونە کێبڕکێیەکی گەورە، تا بتوانن باشترین کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی بگەیەننە دەستی وەرگر. گرنگی ئەم توێژینەوە دەستنیشانکردنی ڕادە و ئاستی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانەیە، کە ڕیکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لای قوتابییانی زانکۆ دروستیکردووە، گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوە خزمەتکردنە بە بواری میدیای کوردی. ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە لایەنی میتۆدی و چوارچێوەی توێژینەوەکە، کە کێشەی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، کۆمەڵگە و سامپلی توێژینەوە، ڕێبازی توێژینەوە، کەرەستەکانی توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. تەوەری دووەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوە، تەوەری سێیەم تایبەتە بە ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە، کە پێکهاتووە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکانی توێژینەوە و پێشنیار و ڕاسپاردەکان خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: ڕێبازنامە (میتۆدی توێژینەوە)

### یەکەم: ڕەهەند و ڕێکارەکانی توێژینەوە

**1. کێشەی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە کێشەیەک دەکۆڵێتەوە و توێژەر هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات. قۆناغی گەیشتن بە کێشە و دیاریکردنی، یەکەمین و گرنگترین هەنگاوە لە توێژینەوەدا. لەبەر ڕۆشنایی ئەم کێشەیە دەکرێت پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بخەینەڕوو:

أ. ئایا پەیوەندیی نێوان ڕیکلامی بازرگانی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چۆنە؟

ب. ئایا تایبەتمەندییەکانی ڕیکلامی بازرگانی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە چین؟

ج. بەکارهێنانی ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای قوتابییان لە چی ئاستێکدایە؟

د. ئایا گەنجان تا چ ئاستێک پشت بە ڕیکلامی بازرگانی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستن؟

هـ. ئایا ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کڕین لای قوتابییان داناوە؟

**2. گرنگیی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوە لەم خاڵانەدا گەڵاڵەدەبێت:

أ. دەستنیشانکردنی ڕادە و ئاستی ئەو کاریگەرییانەی، کە ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر هزرو ڕەفتاری کڕین لای قوتابییان دروستیکردووە.

ب. هەوڵیکە بۆ ئەوەی بزانرێت، تا چەند قوتابییان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەك ئامرازێکی ڕیکلامی بازرگانی بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان بەکاردەهێنن.

ج. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوە خزمەتکردنە بە بواری میدیای کوردی، بە تایبەت تا ئێستا توێژینەوەکی زانستی لەسەر ڕیکلامی بازرگانی لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای قوتابییان ئەنجامنەدراوە.

**3. ئامانجەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەدا هەوڵیکە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

أ. دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ڕیکلامی بازرگانی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

ب. زانینی تایبەتمەندییەکانی ڕیکلامی بازرگانی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

ج. دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای قوتابییان.

د. زانین و پیشاندانی ئاستی پشتبەستن و تێگەیشتنی قوتابییان لە ڕۆڵی ڕیکلامی بازرگانی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

هـ. زانینی کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین لای قوتابییان.

و. دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی، کە بازاڕکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی تایبەتی قوتابییان دروستیکردووە.

**4- میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە بە توێژینەوەیەکی وەسفی هەژماردەکرێت، کە تێیدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە. ئەم میتودە گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، کە هاوکارە بۆدیاریکردنی ئاست و جۆری ئەو کاریگەرییەی ڕیکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لای قوتابییان دروستیدەکات.

**5. کۆمەڵگەو سامپلی توێژینەوە:** مەبەست لێی هەموو بیناوەکانی لێکۆڵینەوەکەیە، یاخود هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەیە، کە قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر نمایندەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات. سامپڵی توێژینەوەکەش، لەڕێگەی سامپڵی مەبەستدارەوە وەرگیراون، کە بریتین لەقوتابییانی کۆلێژەکانی ئاداب، زانست، پەروەردەی وەرزش و یاسا، سامپڵەکەش لەبەرئەمە

مەبەستداره، بە سوودوەرگرتن لە ڕێباز و خشتەی (مۆرگان) (Krejcie 1970) وەرگیراوە، فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (300) قوتابیدا دابەشکراون، چونکە ئامانجی توێژینەوەکە وا دەخوازێت، تەنیا کۆی ئەو قوتابییانە وەربگیرێت، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

## 6. بوارەکانی توێژینەوە

أ. بواری مرۆیی: قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.

ب. بواری کات: 2025/1/1 تاوەکو 2025/4/1 دەگرێتەوە.

ج. بواری شوێن: زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.

د. بواری بابەت: ڕۆڵی ڕێکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە بازارسازیی ئەلیکترۆنی لای قوتابییانی زانکۆ.

**7. ئامرازی توێژینەوە:** توێژەر لەم توێژینەوەدا فۆرمی ڕاپرسی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوە بەکارهێناوە.

**8. پێوەری ڕاستیی ڕواڵەتی:** بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕاستیی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، لە لایەن ژمارەیەك پسپۆری ئەكادیمی هەڵسەنگێنراوە، دوای وەرگرتنەوەیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان چەندین گۆڕانکاری ئەنجامدراوە، هەروەها لە ڕێگەی هاوکێشەی هولستییەوە ڕادەی ڕاستییەکە دەرهێنراوە، کە بریتییە لە (4. 93%)، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە بە ڕێژەیەکی پەسەند دانراوە.

**9. ڕادەی جێگیری:** دەربارەی ڕادەی جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی پێوەری (ئەلفاکرۆنباخ) دەردەکەوێت، کە سەرجەم پرسیارەکانی توێژینەوەی مەیدانی بەهاکەی (0.903)یە، ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیری فۆرمی ڕاپرسییەکەیە.

**10. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:** دوای کۆکردنەوەی داتاکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە، کە بە یەکێك لە پڕ بایەخترین هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، لەم پێناوەدا توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەرنامەی ( SPSS) و (Statistical Package For social Science)ی وەك كەرەستەی پێشكەوتووی ئاماری بۆ شیكردنەوەی زانیاری و داتاكانی توێژینەوەكە و گەیشتن بە دەرئەنجامەكان بەكارهێناوە.

## دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە

١. **ڕۆڵ:** بریتییە لەو کار و کۆششانەی کەسێک یاخود لایەنێک ئەنجامیبدات و کاریگەری هەبێت.

٢. **ڕێکلامی بازرگانی:** هەمیشە بە شوێن پەیداکردن و زیادبوونی بەکارهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکاندا دەگەڕێت، لە ڕێگەی نیشانەکردن (Branding) بە دووبارەکردنەوە و دووپاتکردنەوەی وێنە و ناوی بەرهەمەکە و کوالێتیدان بە کاڵاکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیروهۆشی بەکارهێنەران و بەکاربەراندا لە پێناو فرۆشتنی زیاتردا.

٣. **تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** سیستمێکی ئەلیکترۆنییە و ڕێگە بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەدات، تا لاپەڕەی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە، هەروەها ڕێگە بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی دیکەدا دەدات، کە لە چوارچێوەی هەمان گرنگیپێدانی یەکتردان لە ڕێگەی سیستمێکی ئەلیکترۆنییەوە.

٤. **بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی:** بریتییە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان بۆ دروستکردن و پاراستن و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ کڕیاراندا. پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم شێوازەی بازاڕسازی، ئامانجی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی زیادکردنی کڕینی کاڵا بە شێوازی ئەلیکترۆنییە لە لایەن کڕیارانەوە.

٥. **بازاڕسازی:** زانستە، هونەرە بۆ گەشەپێدان، خولقاندن، دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکە، کە ڕێگری لە هی ڕکابەرەکانت بکات، هەروەها بۆ ڕازیکردن و وەڵامدانەوەی بەکاربەران.

6- **قوتابییانی زانکۆ:** توێژێکی گەنجن، کە هێشتا لە دەرەوەی بازنەی کاردان و لە دۆخی پێگەیاندنی کولتووری زانکۆییدان، ئاراستەیەکی بنچینەیی دەکرێن، تاوەکو ببنە چینێکی ڕۆشنبیر لە داهاتوودا.

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

١.**توێژینەوەی (ظاهر حمدأمين صابر) بە ناونیشانی (ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابییانی زانکۆ)**، ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی ڕادەی قبوڵکردنی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لای قوتابییانی زانکۆ، زانینی ڕادەی کاریگەریی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لەسەر بڕیاری کڕین لای قوتابییانی زانکۆ، دەرخستنی ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی ڕێکلامکردن و کاریگەرییان لەسەر قوتابییانی زانکۆ لە کاتی بڕیاری کڕینی کاڵادا. توێژینەوەیەکی وەسفییە بۆ قوتابییانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لە ماوەی نێوان 10/1/2021 تاکو (10/3/2021)، ساڵی دەرچوونی 2022. توێژەر لەم توێژینەوەدا گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێک و دەریخستووە، کە زۆربەی قوتابییانی زانکۆ بەرکەوتەیان لەگەڵ ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و زۆربەیان بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن، ماسنجەریش لە پلەی یەکەمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە. ئەوەش دەریخستووە، کە قوتابییانی زانکۆ ڕۆژانە زیاتر لە ٣-٤ کاتژمێر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

**2- توێژینەوەی (پەروا عمر محمود) بە ناونیشانی (رۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان)**، ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە خستنەڕووی بایەخ و گرنگیی فۆڕمەکانی میدیای نوێ لە پرۆسەی بازاڕسازیدا بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ئاماژەدان بەو شێواز و ڕێگایانەی، کە لە ناو ئامراز و فۆرمەکانی میدیای نوێدا بۆ پرۆسەی بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەکاردەبرێن. توێژینەوەیەکی وەسفییە بۆ ساملێک لە کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازی لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی نێوان (1/7/2020 تاکو 1/11/2020)، ساڵی دەرچوونی 2021. توێژەر لەم توێژینەوەدا گەیشووەتە چەند دەرئەنجامێک و ئەوەی دەرخستووە، کە لە نێو فۆڕمەکانی میدیای نوێدا تۆڕی کۆمەڵایەتیی یوتیوب کەمترین بەکارهێنانی لە پرۆسەی بازاڕسازیدا هەیە، هونەری بازاڕسازی لە فۆڕمەکانی میدیای نوێدا جیاوازە، ئەمەش بە هۆی سروشت و تەکنیکی فۆڕمەکانی میدیای نوێ و شێواز و ژمارەی بەکارهێنانی لە لایەن بەشداربووەکان.

**3- توێژینەوەی (جبار محمد حسين) الاعلان الالكتروني عبر شبكات التواصل الاجتماعي و تأثيره في الرغبة الشرائية للمستهلك،** ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لەوەی، ئایا ڕێکلامکردن لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری لەسەر ڕەواجدان بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان هەیە؟ هەروەها توێژینەوەکە لە پاڵنەرەکانی خەڵکی سەبارەت بەو جۆرە ڕێکلامە ئەلیکترۆنییانە دەکۆڵێتەوە، کە بەدڵیانە و پێشوازیلێدەکەن. توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، هەروەها فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك داتا و زانیاری بەکارهێناوە، فۆڕمەکە لە (13) پرسیار پێکهاتووە و بەسەر ساملێکی هەڕەمەکیدا دابەشکراوە، کە لە (250) خوێندکاری کوڕ و کچ لە بەش و قۆناغە جیاوازەکانی زانکۆی الشرق الأوسط كلية الاعلام پێکهاتووە، لە ماوەی نێوان (20/1/2019 تاکو 1/4/2019)، ساڵی دەرچوونی 2019. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخستووە، ڕێژەیەکی کەمی کڕیار ئەو شمەک و خزمەتگوزارییانەیان کڕیوە، کە ڕێکلامیان لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ کراوە، هەروەها زۆربەیان گرنگی بەو جۆرە ڕێکلامانە نادەن، هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە، کە هیچ متمانەیەکیان بە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکلامە ئەلیکترۆنییانە نییە.

**چوارەم: سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو**

1. ئەنجامدانی ڕێوشوێنەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی.
2. ..سوودوەرگرتن بۆ دانانی پلانی بەشەکان و ڕێکخستنی توێژینەوەکە.
3. بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشوو وەک سەرچاوەی زانستی لە بەشی تیۆری توێژینەوەکەدا.
4. دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی، دارشتنی بڕگەکانی، ڕێکخستنی و بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.
5. زانینی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو و ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتوون.

## تەوەری دووەم: زانیارینامە (لایەنی تیۆری توێژینەوە)

**یەکەم: ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا**

**پێناسەی ڕێکلام :** کۆمەڵەی بەبازارکردنی ئەمریکی پێناسەی ڕێکلام دەکات بەوەی، کە چالاکییەکی ناوخودییە لە لایەن دەستەیەکی دیاریکراوەوە بیرۆکە و کاڵا و خزمەتگوزاری بەرامبەر بە بڕێك پارە پێشکەشدەکرێن (عبدالرحمان 64:2013).

**پێناسەی ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا:**

ڕێکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کەناڵێکی دیجیتاڵی بازاڕسازییە، کە هەڵمەتی ڕێکلامی پارەدار لەسەر پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەچێت، بۆئەوەی بە ئامانج بگات و بازرگانان و ڕێکلامکەران دەتوانن لە ڕێگەی ئەم پلاتفۆڕمانە، کە زۆرجار لە لایەن بەکارهێنەرانەوە بەکاردەهێنرێن، براندەکانیان بەرەوپێشببەن وڕێژەی فرۆشتن بەرزبکەنەوە (الحجار،2011 :34).

**ئامانجی ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا:**

1. یارمەتیدان لە پێشکەشکردنی کاڵای نوێ بۆ بازاڕە ئامانجدارە تایبەتەکان.
2. یارمەتیدان لە دامەزراندنی براندێکی دیاریکراو لە بازاڕدا، لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە و قەناعەتپێکردنی بەکارهێنەران لەو سوودانەی، کە لەو براندەدا هەن.
3. یارمەتیدانی بەکارهێنەران بۆ پشتڕاستکردنی بڕیارەکانی کڕینی خۆیان.
4. گۆڕینی مەیل و ڕەفتاری بەکارهێنەرانی ئەگەری، یان تەرخانکردنی دڵسۆزیی بەکارهێنەرانی ئێستا بۆ هەندێک براندی دیاریکراو.
5. زیادکردنی فرۆشتن لە وەرزی کەمی خواستدا، چونکە زۆربەی بەرهەمەکان وەرزی کڕین یان ماوەی ئاسایی بەکارهێنانیان هەیە (یاسین، 67:2018).

**ئەرکەکانی ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. هاندانی بەکارهێنەرانی ئەگەری و بەکارهێنەرانی ئێستا بۆ بەدەستهێنانی کاڵا یان کڕینی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی لادانی سەرنجیان و هاندانی هەستەکانیان بۆ ئەنجامدانی کڕینەکە.
2. هاوکاریکردنی بەرهەمهێنەر و دابەشکەر لە فرۆشتنی کەلوپەل یان خزمەتگوزارییەکانیان.
3. هەوڵدانێکی بەرچاو بۆ زیادکردنی فرۆش، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی قازانج.
4. یارمەتیدان بۆ ئازادکردنی کاڵا و بەرهەمەکان لە بەرکەوتنی زیانەکان.
5. کەمکردنەوەی بارگرانی و هەوڵی فرۆشیاران لە شوێنەکانی دابەشکردن (ابومريم، 2016: 79).

**گرنگی ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. خێرایی بڵاوبوونەوەی ڕێکلامەکە بەسەر مەودایەکی فراوانتر و گشتگیرتردا.
2. لە ڕێگەی ڕێکلامەکەوە کڕیا ردەتوانێت تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکە بزانێت گونجاوە یان نەخێر.
3. توانای هەڵبژاردنی پۆلی ئامانجی ڕێکلامەکە.
4. دەستگەیشتن بە بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوە (العجلوني،2017 :47).

**خاڵە ئەرێنییەکانی ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. گەیشتنی پەیامەکان لە کاتی خۆیدا، بە مەبەستی گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی بە ئاسانی.
2. بینەر دەتوانێت لەگەڵ ئەم ڕێکلامانەدا کارلێکبکات و ئەمەش سوودێکی سەرەکییە لە ڕێکلامی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، لە ڕێگەی کارلێکی بینەرەوە دەتوانرێت ڕادەی ڕازیبوونی کڕیار یان تورەیی لە بەرهەمەکە دیاریبکرێت.
3. توانای کۆمپانیای بەرهەمهێنەری کاڵا و خزمەتگوزارییە ڕێکلامکراوەکان بۆ وەڵامدانەوەی هەر کێشەیەک یان پرسیارێک لە لایەن کڕیارەکانەوە لە هەمان کات و ساتدا.
4. ڕێکلامی ئۆنلاین بۆ زۆرترین بەکارهێنەر و کڕیار دەردەکەوێت، هەروەها دەتوانێت لە ئاستی جیهانیشدا دەربکەوێت، دوور لە ڕەگەز، زمان یان شتێکی تر.
5. هەر کەسێک لە جیهاندا دەتوانێت زانیاری لەسەر بەرهەمی ڕێکلامکراو بزانێت، بەپێی ئەو زانیاریانەی، کە لە کاتی ڕێکلامەکەدا سەبارەت بە بەرهەمەکە دەدرێت ( الحاجي، 2016 :25).

**خاڵە نەرێنییەکانی ڕێکلامی بازرگانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. ئەستەمە بتوانین کاریگەریی ئەو ڕێکلامانەی، کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامدەدرێن، بپێورێت.
2. پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاریی پەیوەست بە ڕێکلام لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە نارێکە و ناتوانرێت پشتپێببەسترێت.
3. کۆمەڵێک لە خەڵک متمانەیان بە هەموو ئەوشتانە نییە، کە لە ئینتەرنێتدا پیشاندەدرێن، بە تایبەتی ڕێکلامەکان، هەربۆیە دەبینرێت، ڕێکلامەکانی ماڵپەڕەکان پشتگوێدەخەن و لەگەڵیاندا کارلێکناکەن.
4. بوونی کۆمەڵێک خەڵک، کە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا باش نین، بەهۆی جیاوازیی کولتوورەکان، ئاستی پەروەردەیی، بەرەنگاربوونەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پشتبەستنی بنەڕەتی بە ئامراز و میتۆدی تەقلیدی (صادق، 2012 :78).

**دووەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

**چەمک و پێناسەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** هەرچەندە هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەپێی میکانیزمی کارکردنی ئەو تۆڕە پێناسەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین پێناسەیەکی گشتی و سەردەم بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە بکەین، "ئامرازێکی ئۆنلاینە، مرۆڤەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلەکانیان دەتوانن بۆ پەیوەندیکردن، نمایشکردنی دید و بۆچوون، قسەکردن لەسەر بابەتە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕکردنی دەقی نوسراو یان وێنە یان ڤیدیۆ بەبێ هیچ سانسۆرێك بەکاریانبهێنن" (بربخ، 2015، صفحة 80). تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەو بەرنامە و ماڵپەڕانەیە، کە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی وێب جیهانی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە بەکاردەهێنرێن، هەروەها تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیە بۆ هەر ئامرازێکی پەیوەندیکردنی ئۆنلاین، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات، تا هاوبەشیبکەن وبەقەبارەیەکی گەورە ناوەڕۆکەکە بڵاوبکرێتەوە، شایەنی باسە ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەرەوە دروستدەکرێت، کە بە چەند ملیۆنێک دەخەمڵێنرێت، بە پێچەوانەی ئەو ناوەڕۆکەی لە ڕێگەی ئامرازە تەقلیدییەکانی پەیوەندیکردنەوە بەردەستە، کە تەنها لە لایەن چەند کەسێکەوە دروستدەکرێت (ناصر،2020: 35).

**تایبەتمەندیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان شوناسی کەسەکان تۆماردەکەن و دەیپارێزن.
2. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانایەکی ئێجگار باشیان لە ئەرشیفکردنی زانیارییەکاندا هەیە.
3. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانییان میکانیزمێکی نوێ بۆ جۆر و قەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەم لەسەر ئاستی تاک هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا بهێننەکایەوە (دحمان، 2019 : 106).
4. ئاسانیی بەکارهێنان لە فاکتەر و تایبەتمەندیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، کە هەر کەسێک تەنها بە بوونی توانایەکی کەم دەتوانێت بەکاریانبهێنێت (عبادة، 2016 : 80).
5. فراوانبینی لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا توانی زۆربەی جومگەکانی کۆمەڵگا بە یەکەوە ببەستێت و خۆیشی ببێت بە سەنتەری هەموویان، بۆ نموونە لە بوارەکانی (تەندروستی، سیاسی، وەرزشی، ئابوری، بازارگەری، ڕێکلام، بڵاوکردنەوە، بەبازاڕکردن و ...هتد (شێخانی،2020:51).

**کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. دەروازەیەکە بە ڕووی جیهاندا: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بووەتە دەروازەیەک، کە هەموو گەلانی دونیا لە تەواوی جیهاندا بە یەکتر دەگەیەنن و هەموو سنوورێکی جوگرافی تێپەڕاندووە، ملیۆنان کەس لە گەلانی بیانی و ڕۆژهەڵات بە یەکتر دەگەیەنێت.

2. هەلێـک بـۆ پتەوکـردنی خـودی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان دەرەخسـێنێت بـۆ دروسـتکردنی کەسـایەتیی تـایبەت و سـەربەخۆ لەنێـو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، کە گوزارشت لە خۆی بکات (حمدآمين، 2022 : 119).
3. دروستکردنی سەکۆ بۆ گفتوگۆکان و خستنەڕووی بیروڕاکان و پێشکەشکردنی سەرنج و تێبینییەکان.
4. بارمەتیدەرە بۆ کەسانی خاوەنکار و کۆمپانیاکان ئەم جۆرە کەسانە دەتوانن تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن
5. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانیویانە رۆڵێکی گرنگ لە گۆڕینی سنووری ئامرازە کلاسیکییەکانی راگەیاندندا ببینن (لموشي، 2016 : 91).

**کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

1. بەفـیڕۆدانی کـات: کاتێـک بەکـارهێنەر دەچێتـە نـاو سـایتەکەوە، لە لاپەڕەیەکەوە بـۆ لاپەڕەیەکی تـر و لە فـایلێکەوە بۆفـایلێکی تـر گەشتدەکات و درک بەو کاتژمێرانەی، کە بەفیڕۆیداوە، ناکات.
2. ئالوودەبوون و لاوازبوونی توانای پەیوەندیکردن: یەکێکە لە کاریگەرییە گرنگەکان، کە رەنگە ببێتە هۆی مەترسی لەسەر بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت گەنجان و هەرزەکاران.
3. نەبـوونی تایبەتمەنـدی: زیـانێکی زۆری ئەخـلاقی و دەروونی بـۆ گەنجـان هەیە، ئەمەش رەنـگە هەنـدێکجار زیـانی مـادی لێبکەوێتەوە (نعيمة، 2017 : 161).
4. نەبـوونی هەسـتی ئەخـلاقی، لە ئەنجـامی ئەو بـڕە زۆرەی زانیـاریی، کە پڕ لە وێرانکـاری و تونـدوتیژییە، خەڵـک بە دیـمەنی پڕئـازار و ئەشکەنجە رابهێنێت لەلای مرۆڤ بێت دیاردەیەکی باو ئاسایی ،
5.چاودێریکردنی پچـڕاو (بەشـەکی) بـۆ رووداو و راسـتییەکان، نەنگیـەك لە چاودێریکردنیـان دەبێتـە هـۆی کەموکـوڕی لە تێگەیشـتن یـان تێنەگەیشتن لەم رووداوانە (فضيلة، 2015 : 86).

**بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری رێکلامی بازرگانی و بازاڕسازی**

کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی هـەن بـۆ بازاڕسـازی لـە رێگـەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوەهـەن، کـە دەکرێـت ئامـانجی زیـاتر بـۆ بازاڕسـازی و رێکلام بەدەستبهێنێت، تایبەتمەندییەکان بریتین لە:

1- ئاسان بـەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان: سروشـتی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان بـە شـێوەیەکە، کـە هـەموو بەکارهێنـەرێك دەتوانێت تێیدا بازاڕسازیبکات.
2- لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا ئاسانە تاك دەربڕین لە خودی خۆی بکات.
3- تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان رێکار و رێگای نوێیان بۆ ناو جیهانی بازرگانی و بازاڕسازی هێناوە.
4- تێچووی بازاڕسازی و رێکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کەمترە.
5- تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سنوری جوگرافی لەبەردەمدا نییە.
6- بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بواری بازاڕسازی ئاسانترە.
7. کارلێکی نێوان نێنەر و وەرگر لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا زۆر بەهێزە.
6- تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە خۆڕاییە، بەکارهێنەر تەنها نرخی ئینتەرنێت دەدات.

لەبەر ئەم تایبەتمەندییانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان رۆژ لە دوای رۆژ بەکارهێنەرانیان لە زیادبووندایە و بووەتە شوێنی بازرگانی و بازاڕسازی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك (علواني،2018: 39).

**سێیەم: بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی**

**چەمک و پێناسەی** بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی : بازاڕسازی یاخود مارکێتینگ لە وشەی (Market)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، مەبەست کاراکردنی کاریگەرانەی بازاڕە بەپێی بنەما زانستییەکان و لێهاتوویی لەناو بازاڕدا (ئیبراهیم،2021 :13). بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی ئاماژەیە بۆ هەر جۆرە بازاڕسازییەک، کە لەسەر پلاتفۆرمی دیجیتاڵی رووەدادات و بازرگانەکان کەناڵە دیجیتاڵییەکانی وەک بزوێنەری گەڕان، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئیمەیڵ، ماڵپەڕ و ئەپڵیکەیشنەکانی تر بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کڕیارەکانیان لە ئێستا و داهاتوویان بەکاردەهێنن (الصميدعى2013 : 13). بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لە میدیای نوێدا بەشێکە لە چالاکییەکانی بازاڕسازی، بەڵام بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت، لە رێگەی وێبسایت و پێگە کۆمەڵایەتییەکان بە بەکارهێنەرو کڕیارەکان نیشاندەدرێت و بەشێکیشی هەر لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەفرۆشرێت، لە پێناسە یەکی تردا، بازاڕسازیی دیجیتاڵی بریتیە، لە ئینتەرنێت ووێبسایتەکان بۆ بواری فرۆشتن و نیشاندانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی وەك ئاسانکاری بۆ کڕیار و فرۆشیار بەکاردێن (النجا 2012، 208).

**گرنگی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی:**

1. رێگایەکی کاریگەرە بۆ پەیوەندیکردن و ئاگادارکردنەوەیان لە هەموو ئەوشتانەی، کە تازەن.
2. یارمەتیدان بۆ دروستکردن و پاراستنی ناوبانگێکی باش بۆ کۆمپانیاکە.
3. یارمەتیدان لە پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی مێژوویی سەبارەت بە کارەکان و هەڵمەتەکانی پێشوو.
4. یارمەتی پاراستنی ئەو گەشەپێدانە هەمیشەییەی، کە لەگەڵ سروشتی کارەکەدا دەگونجێت.
5. یارمەتیدانی دروستکردنی رێگەی نوێ بۆ بەدەستهێنانی داهاتی هەمەجۆر (عەلی، 2016: 23).

**ئامانجی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی:**

**1. قازانج:** بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی بڕی داهاتی چاوەڕوانکراو بەپێی ستراتیجییەکی دیاریکراو ڕێکدەخات، ئەو بازرگانی و کارانەی، کە لە ڕووی داراییەوە قازانجبەخش نین، لەوەدەچێت سەرنەکەون و دوچاری تەنگوچەڵەمە ببنەوە یاخود لە کۆتایدا دەرگاکانیان دابخەن (الطائي، 2017: ٢٢٠).

**2. زیادکردنی فرۆش:** زیادکردنی فرۆش یەکێکە لە ئامانجەکانی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لە دامەزراوە قازانجویستەکاندا، پێویستە بەهای فرۆشەکان لە تێچووی مارکێتینگ زیاتر بێت (خاطر، 2019 :28).

**3. زیادکردنی پشکی بازاڕ:** دامەزراوە هەوڵی زیادکردنی پشکی خۆی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ستراتیجی تێچووی کەم بۆ بەدیهێنانی قازانجی گەورە لە بازاڕدا دەدات، دامەزراوە بەراوردی خۆی لەگەڵ کێبڕکێکارانی دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوان پشکی خۆی لە بازاڕدا زیاددەکات.

**4. مانەوە و گەشەکردن:** دامەزراوە لە بازاڕێکدا کاردەکات، کە کێبڕکێ و گۆڕانکاری بەرچاوی لە خواست و پێداویستییەکانی بەکاربەر تێدایە، دامەزراوە بەهای زیاتر دەبەخشێت، هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات لە قۆناغی داکشانی ئابوریدا.

**5. ئیدارەدانی بەردەوام بۆ مارکەی بازرگانی:** ئەم ئامانجەی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی جەختکردنەوەیە لە پارێزگاریکردن لە ناوی دامەزراوە لە مێشکی بەکاربەر و ئەوانەی کراونەتە ئامانج، ئەمەش پێویستی بە کۆششی گەورە بۆ پارێزگاریکردن لە مارکەی بازرگانی هەیە (غنيم، 2005: 37).

**پرەنسیپەکانی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی:**

١- نابێت تەنها کاڵا وخزمەتگوزارییەکان بخرێنەڕوو، بەڵکو پێویستە کێشە و گرفتەکانی بەکاربەر چارەسەربکرێن.

٢- پرۆسەی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە خواستەکانی بەکاربەر ڕێکبخرێت.

٣- پێویستە چالاکییەکانی بازرگانی بە شێوەیەک ئاراستە بکرێت، کە تەنها بە دوای دەستکەوت و ئامانجی هەنوکەیدا نەگەڕێت، بەڵکو دەبێت بەرەو ئامانج و دەستکەوتە دوورەکان لەسەر بنەمای پلانی ستراتیژی و پێشبینیکردنی بارودۆخی بازاڕ ئاراستەبکرێت (عەلی،2016: 52).

**تایبەتمەندییەکانی بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی:**

1- خستنەڕووی زانیاری زۆر گرنگە بۆ بازرگانییەکان، بازرگانەکان بە پێدانی زانیاری دەربارەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان هەوڵی کاریگەری خستنە سەر کڕیارەکانیان دەدەن.

2- کارلێککردن لەگەڵ کڕیارەکاندا، کە دەرفەتی پەیوەندیکردنکردنی هێناوەتەئاراوە.

3- بەئامانجکردن بۆ بازرگانەکان ئاسانکاریدەکات، تا بتوانن بە بەکاربەری بەئامانجکراو بگەن (ناصر،2020 :26).

**تەوەری سێیەم: کردەنیامە (لایەنی مەیدانی توێژینەوە)**

لێرەدا لە ڕێگەی ئەنجامە ئامارییە دەستکەوتووەکانەوە لایەنی دیمۆگرافی لێتوێژراوان و پاڵنەر و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕۆڵی ڕێکلامی بازرگانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی لای قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر دەخەینەڕوو.

**خشتەی (1) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات**

| ڕەگەز | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | 181 | %60 |
| مێ | 119 | %40 |
| کۆی گشتی | 300 | ٪100 |

بەپێی ئەم خشتەیە ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (60%) لە پلەی یەکەمدایە، هەرچی ڕەگەزی مێیە بە ڕێژەی (40%) لە پلەی دووەمدایە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە سامپڵی توێژینەوەکەدا زیاترە لە ڕەگەزی مێ.

**خشتەی (2) تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات**

| تەمەن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 22-18 | 251 | %83.6 |
| 27-23 | 43 | %14.3 |
| 32-28 | 6 | %2 |
| کۆی گشتی | 300 | %100 |

لەم خشتەدا دەردەکەوێت زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (18-22) ساڵیدایە، کە بەڕێژەی (83.6%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (23-27) ساڵیدایە بە ڕێژەی (14.3%) لە پلەی دووەمدان، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (28-32) ساڵیدایە بە ڕێژەی (2%) لە پلەی سێیەمدان، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەو قوتابییانەی تەمەنیان لە سەرووی (22)

ساڵیدایە و ڕێژەیەکی کەم پێکدێنن ئەوانەن، کە بە هەر هۆکارێک بێت لە خوێندن دواکەوتوون، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە قوتابییانی زانکۆ زیاتر تەمەنیان لە نیوان 18-22 ساڵیدایە.سروشتی ئەم تەمەنەش لە هەرەتی پێگەیشتوویی و لێهاتوویدایە و حەز بە گۆڕانکاری و گرنگی بە مۆدێل دەدەن، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە زیاتر لە تەمەنەکانی تر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

**خشتەی (3) خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە**

| زانکۆی سەلاحەدین | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| کۆلێژی ئاداب | 81 | %27 |
| کۆلێژی زانست | 76 | %25.3 |
| کۆلێژی یاسا | 74 | %24.6 |
| کۆلێژی پەروەردەی وەرزش | 69 | %23 |
| کۆی گشتی | 300 | %100 |

وەک لەم خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لە کۆلێژی ئاداب (81) قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (27%)، لە کۆلێژی زانست (76) قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (25.3%)، لە کۆلێژی یاسا (74) قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (24.6%)، لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزش (69) قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (23%). وەک دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان قوتابییانی ئەم کۆلێژانە لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا نییە، چونکە فۆرمی ڕاپرسی تەنها بەسەر ئەو قوتابییانەدا دابەشکراوە، کە بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن.

**خشتەی (4) قۆناغی خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات**

| قۆناغ | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 64 | %21.3 | چوارەم |
| دووەم | 83 | %27.6 | یەکەم |
| سێیەم | 81 | %27 | دووەم |
| چوارەم | 72 | %24 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەدا دەردەکەوێت، کە قۆناغی دووەمی خوێندن بە ڕێژەی (27.6%) لە پلەی یەکەمدان، هەروەها قۆناغی سێیەمیش بەڕێژەی (27%) بە پلەی دووەم دێن و قۆناغی چوارەمی خوێندنیش بە ڕێژەی (24%) لە پلەی سێیەمدان، قوتابییانی قۆناغی یەکەمیش بە ڕێژەی (21.3%) لە نزمترین پلەدان. سامپڵی توێژینەوەکە گوزارشتێکی باش لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، چونکە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە ڕێژەی گونجاو لەخۆدەگرێت.

**خشتەی (5) شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێبوون | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| ناوشار | 131 | 43.6% |
| ناحیە | 89 | 29.6% |
| ئیدارەی سەربەخۆ | 61 | 20.3% |
| قەزا | 19 | 6.3% |
| کۆی گشتی | 300 | %100 |

لەم خشتەدا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی (43.6%)ی سامپڵی توێژینەوەکە نیشتەجێی ناوەندی شارن، هەروەها ڕێژەی (29.6%) دانیشتووی ناحیەکانن، قوتابییانی دانیشتووی ئیدارە سەربەخۆکانیش ڕێژەی (20.3%)ی سامپڵی توێژینەوەکەن، هاوکات قوتابییانی نیشەجێی قەزاکانیش ڕێژەی (6.3%) سامپڵی توێژینەوەکە پێکدێنن. لێرەدا ڕوونەبێتەوە، کە زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە نیشتەجێی ناوەندی شارن، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە تۆڕی ئینتەرنێت لە ناوەندی شارەکان زیاتر بەردەستە.

**خشتەی (6) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات**

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 283 | %94.3 | یەکەم | 0.872 | 4.89 |
| تاڕادەیەک | 11 | %3.6 | دووەم | | |
| کەم | 6 | %2 | سێیەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەدا دەردەکەوێت زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن، کە بە ڕێژەی (94.3%) و بە چەندبارەی (283) لە پلەی یەکەمدان، هەروەها بە ڕێژەی (3.6%) و بە چەندبارەی (11) لە پلەی دووەمدان، سامپڵی توێژینەوەکە تاڕادەیەك بەکارهێنەری فەیسبوکن. ئەوانەی، کە بە ڕێژەیەکی کەم فەیسبووک بەکاردەهێنن لە پلەی سێیەمدان بە ڕێژەی (2%) و چەندبارەی (6)، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (4.89) و لادانی پێوانەیی (0.872)، کە زۆرینەی قوتابییانی زانکۆی سلاحەدین لە هەولێر بە ڕێژەیەکی زۆر بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵاتییەکانن، لەبەرئەوەی لە ئێستادا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد لەگەڵ پلاتفۆرمەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا زۆرترین ڕۆڵی هەیە، هاوکات بەهۆی هەندێک تایبەتمەندییەکانی وەکو ئاسانی بەکارهێنان و بەردەستی ئامێری زیرەک تا دێت بەکارهێنانی ڕوو لە زیادبوون دەکات بە تایبەت لە نێو چینی قوتابییاندا. سروشتی ئەم تەمەنەش وایە حەز بە گۆڕانکاری و گرنگی بە مۆدێل دەدەن و ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن، ئەم تەمەنەش لە هەرەتی پێگەیشتوویی و لێهاتوویدایە، بۆیە ڕێژەکەی لە هەموویان زێدەترە.

**خشتەی (7) ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە فەیسبووک، ئینستاگرام، سناپچات و تیکتۆك لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی تر بۆ ڕێکلامی بازرگانی زیاتر کاریگەرن**

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 109 | %36.3 | دووەم | 0.906 | 2.91 |
| هاوڕام | 151 | %50.3 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 15 | %5 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 13 | %4.3 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 12 | %4 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

